## رونكردنەوەیەك بۆ بەڕێزان مەكتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان PUKmedia

بەڕێزان هەروەك ئاگادارن كە ئێمە وەك كۆمیتەی یادكردنەوەی كارەساتی هەڵەبجە لەسویسرا لە رۆژی 16.3.2007 لە شاری ستگالن بۆ ریز لێنان لە قوربانیانی كیمیا بارانی شاری هەڵەبجە یادی ئەو كارەساتە دڵتەزێنەمان كردەوە، خۆشبەختانە ژمارەیەكی بەرچاو لە كەسایەتی سیاسی سویسری و جالییە ی كوردو عەرەب و فارس و تورك ئامادە بوون، وە هە مومان بە یەكەوە نەفرەتمان لە وتاوانە دڕندا نەیەی بەعسیەكان كرد.

دوای تەواوبونی یادەكە ئێمە ڕاگەیاندنێكمان بە ناوی كۆمیتەكەوە بڵاوكردەوە دوای ناردنی بۆ ئێوەو بەشێكی زۆر لە سایتە كوردیەكان كە بە سوپاسە وە وەك خۆی بڵاویان كردۆتەوە. بەڵام بەداخەوە ئێوە بە بێ ئەوەی ڕەچاوی پرەنسیپی كارِی ڕۆژنامەوانی وبە بێترس لە ئەوەی كە ڕاستگۆیی خۆتان لەدەستبدەن و ئێمە ئاگادار بكەنەوە بەدەستی ئەنقەست ناوی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق وناوی نوێنەروو بابەتی ئە و حیزبەتان لە كاتی بڵاوكردنەوەی ڕاگەیاندنەكەدا لابردوە .

لە كاتێكدا كۆمیتەی سویسرای حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق لایەنێكی چالاكی كۆمیتەی یادكرنەوەی كارەساتی هەڵەبجە یە لە سویسرا.

بۆیە ئێمە لێرە ڕایدەگەیەنین كە ئەو كارە بە هە ر مەبەستێكەوە كرابێت، پێویستە بۆ ئێمە ڕونبكرێتەوە كە بە چ هۆیەك دەستكاری ڕاگەیاندنەكە كراوە، دواتر ڕاگە یاندنەكە وەك خۆی بڵاو بكرێتەوە، ئە گەر ئامادەی ئەو كارەشنین ئەوە بە سوپاسەوە ڕاگەیاندنەكەمان لەسەرسایتەكەتان لابەرن .

لە گەڵ ریزماندا

**كۆمیتەی یادكردنەوەی كارەساتی هەڵەبجە لە سویسرا**

19.3.2007

وێنە یەك بۆ سایتە كۆردیەكان

تكایە لە خوارەوە سەیری هە رد وو ڕاگەیاندنەكە بكەن

# یادی هه ڵەبجه له سویسرا به رز راگیرا .

ئێوارەی 16.3.2007 له شاری ستگاڵن  له بنکەی کابی یادی هەڵەبجه بەڕێوه جوو،
سەرەتای یادەکه به داگیرسانی مۆم ودەقیقەیەک وەستان بۆرێزلێنان له قوربانیانی ئەم کارەساته دەستی پێکرد. به شی یه که می یادەکه وتاری لایەنەکان  بوو ،
**وتاری حیزبی کۆمونستی کرێکاری عێراق له لایه ن نەبەز سه لیم سکرتێری کۆمیته ی سویسرای حکک  وه خویندرایه وه ، له به شێکی وتەکەیدا وێڕای هاوخەمی حیزب له گه ڵ خه ڵکی هەڵەبجه و کوردستاندا ئیدانکردنی ئەو تاوانه ،هاته سه ر ڕێگه چاره ی پێشنیارکراوی حیزب بۆ ڕێگه گرتن له دووباره نه بونەوه ی هه ڵەبجەیەکی تر به سه ر خه ڵکی کوردستاندا و جیابونه وه وپێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیره قەومیی غەیرەمەزهەبی .**
پاشان ووتاری رێکخراوی دژی نەژاد پەرستی له سویسرا له لایەن ئەبونەوروز خوێندرایەوه ،
له وتەکه یدا وێرای هاوخەمی خۆیان، هاوپشتی خۆیان بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان
راگه یاند و ئیدانەی ئەو تاوانه گەورەیەیان کرد ، ئومێدیان خواست که چیتر تاوانی لەوجۆره دوباره نەبێتەوه .
وتاری کۆنگرەی ئازادی عێراق له لایه ن سه ردار حامید خوێنداریەوه له به شێکی ووتەکەیدا وێڕای هاوخەمی کۆنگرەی ئازادی له گەڵ خه ڵکی کوردستان وه زەرورەتی دادگایی کردنی تەواوی ئەو دەوڵەت و لایەن و کۆمپانییانەی که دەستیان هه بووه له پێدان و دروستکردنی ئەوچەکه قەدەغەکراوانه به دەوڵەتی فاشستی بەعس وه سرینەوەی هەمووئاسەوارەکانی ئەو چەکانه له سەر خەڵک وژینگەی ناوچه که.
بەشی کۆتایی یادەکه گفتوگۆی ئازاد دەستی پێکرد له سەر داهاتوی خەڵکی کوردوستان وعێراق و ڕێگه چاره بۆ کێشه ی خه ڵکی کوردستان .

**کۆمیتەی یادکردنەوەی کارەساتی هه لەبجه له سویسرا**
17.3.2007

www.wpiraq.net
www.cabi-sg.ch
www.ifcongress.com

**ناونیسانی ئەو ماڵپەڕه بەڕێزانەی که ڕاگەیاندنەکەیان بڵاوکردۆتەوه**
http://www.dengekan.com/doc/2007/3/halabja_sisra19.pdf
http://www.bopeshawa.com/text-2007/03/hawal-01-yadihalabja-swiss.pdf
http://kurdistannet.info/2007/3-2007/18-3/yadiswisra.pdf
http://www.pukmedia.com/kurdinews/18-3-2007/news19.htm

# یادی هه ڵەبجه لە سویسرا بە رز راگیرا

2007/03/18 15:25

PUKmedia




ئێوارەی 3/16 لە شاری ستگاڵن لە بنکەی کابی یادی هەڵەبجە بەڕێوەچوو، سەرەتای یادەکە بە داگیرسانی مۆم وخولە کێك وەستان بۆرێزلێنان لە قوربانیانی ئەم کارەساتە دەستی پێکرد.
وتاری ڕێکخراوی دژی نەژاد پەرستی لە سویسرا لە لایەن ئەبو نەوروز خوێندرایەوە، لە وتەکە یدا وێرای هاوخەمی خۆیان، هاوپشتی خۆیان بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان ڕاگە یاند و ئیدانەی ئەو تاوانە گەورەیەیان کرد ، ئومێدیان خواست کە چیتر تاوانی لەوجۆرە دوبارە نەبێتەوە .
وتاری کۆنگرەی ئازادی عیراق لە لایە ن سە ردار حامید خوێنداریەوە، لە بە شێکی وتەکەیدا وێڕای هاوخەمی کۆنگرەی ئازادی لە گەڵ خە ڵکی کوردستان و زەرورەتی دادگایکردنی تەواوی ئەو دەوڵەت و لایەن و کۆمپانیایانەی کە دەستیان هە بووە لە پێدان و دروستکردنی ئەوچەکە قەدەغەکراوانە بە دەوڵەتی فاشستی بەعسە وە و سڕینەوەی هەمووئاسەوارەکانی ئەو چەکانە لە سەر خەڵک و ژینگەی ناوچە کە.
لە بەشی کۆتایی یادەکە دا گفتوگۆی ئازاد دەستی پێکرد لە سەر داهاتوی خەڵکی کوردستان وعیراق و ڕێگا چارە بۆ کێشە ی خە ڵکی کوردستان .

دابخە